# ئەندێشەی شەڕ

نووسینی: جاسم موحەمەد
وەرگێرانی: کاوە ئەمین

**بۆ ئەندامانی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقی و ئێرانی، کە شیوەن بۆ مانەوەی عێراق دەکەن.**

دوایی بیست ساڵ بۆ جاری یەکەم، لەمانگی مارسی ساڵی ڕابردوودا دایکمم بینی، لەیەکێک لەولاتانی کەنداوی فارس. ئێوارەیەک لەگەڵ خانەخوێکەماندا لە قەراخ کەناری دەریایەک دانیشتبووین و سەیری دەریاکەمان دەکرد. خانەخوێکەمان وتی: لەو دورەوە کەشتیە جەنگیەکانی ئەمریکا دەڕۆیشتن. ئەو مووشەکانەمان دەبینی کە لەکاتی شەڕەکەدا ئاراستەی عێراقیان دەکرد. تاماوەیەکی درێژ هەموومان بێدەنگ بووین، وەکو ئەوەی کە وشەکان ببنە شوشەیەک و هەر کەلەدەممان بێنە دەرەوە پارچەپارچە ببن. من لەدایکمم دەڕوانی. ئەو وای نیشان دەدا کە خاوەن هێزێکی نەگۆرە. ئێستا لە پرێکدا گۆردرا بۆکەسێکی شکاو و بریندار. من لەدڵەوە حەزم دەکرد بزانم کە ئاخۆ بیرلەچی دەکاتەوە. ئێمە باسی شەڕەکەمان نەکردبوو، کەبەچ شێوەیەک ژیانیان بەسەر بردبوو.

لێم پرسی، دایکە چۆنیت؟ بەدەنگێک کە تێکەڵاوێک بوو لەبێ هیوایی و هاوار بۆ یارمەتی، لە وەڵامدا وتی، ئەی ئەوان ڕزگارمان نەکەن؟

سەرم سورما. ئایا دەزانیت ئەوە بەمانی چی دێت دایکە؟ ئەمە مانی هەڵگیرساندنی شەڕە. من هەمیشە وەکو شتێکی ئەخلاقی، شەڕم ڕەت کردۆتەوە. ئەمەش لەگەڵ تەجروبەکانی خۆمدا، گەورەبوو بوو.

لە وەڵامدا وتی، دەیباشە شەر. من ئەو موشەکانەم بینیووە کە لەگەڵ کەوتنە خوارەوەیان هەموو شتێکیان دەکرد بە خۆڵەمێش. من موشەکی ئەمریکایم بینیووە کە کەتوونەتە خوار بەسەر خەڵکی بێتاواندا. بەڵام من پاش شەڕیشم بینیووە. من خوشکەکەت و کچەکەیم بینیووە کە چۆن بەدەست سەرەتانی سنگەوە جەزربەیان دەکێشا، کچەکەی تری و چەندین ژنی تر کە بەدەست نەخۆشیەوە دەتلانەوە. منداڵی خوشکەکی ترتم بینیوە کە بەهۆ نەخۆشیەکی ئاساییەوە، گیانی لەدەست داوە.

تۆ سەربازانی سەددامت نەبینیووە، کە دەیاندا بەسەر شار و گوندەکاندا. ئێمەی ژنانیان ناچار دەکرد بچینە دەرەوەی شار لەبەر بارانی بەخوڕ و بە پێخاوسی و بەبێ جلی گەرم. من بەچاوی خۆم بینیوومە کە چۆن لەوبەری شار، کورەکان و پیاوەکانیان جیادەکردوە و گوللەبارانیان دەکردن. تۆ لەناو وەحشەتدا نەژیاویت. دەبێت یەکێک ئەم کابرایە لابەرێت لەسەر حوکوم. جا ئەگەر بەشەڕیش بێت.

قسەکانی دایکم توشی دڵەڕاوکەیان کردم: شەڕ یان ڕونەدانی شەڕ. ئەوەی کە تائەوکاتە شتێکی ڕەتکراوە بوو، ئیتر وەک جارنەنەما. بۆ عێراقیەکان کە خۆیان بەئاگری شەڕەکە دەسوتێن، شەڕ تاکە ڕێگایە بۆ ڕوخاندنی سەددام حسێن. بەڵام بۆ ئێمە کە وەکو تەماشەکەرێک واین و مەترسی ئەوەمان نیە هیچ شتێک لەدەست بدەین ناحییەی ئەخلاقی لێدەرچێت، لەدڵەڕاوکەیەکی گەورەداین. ئێمە لەلایەنی ئەخلاقیەوە دژیی شەڕین و نابێت پاشەکشەش بکەین. دەنا وەکو ئەوە وایە کە بەزانابوون هەستە مرۆڤایەتیەکانمان بدۆڕێنین.

پرسیارەکە ئەوەیە کە ئاخۆ تاچ ڕادەیەک دەکرێت لەناحییەی ئەخلاقیەوە و مرۆڤانەوە دژایەتی شەڕ بکەین و ڕێگا بەخۆمان بدەین ٢٠ ملیۆن مرۆڤ لە چاوەڕاونیدا و لە قەفەزیی مەرگدا بژین. کارێکی منداڵانەیە چاوەڕێی ئەوبکەین، کە کەسێکی وەک سەددام لەخۆیەوە بروخێت یانیش بەخۆشی خۆی واز لەدەسەڵات بهێنێ. ڕەنگە هەڵوێست وەرگرتن ئاسانتربێت بەرانبەر شەڕ یان نەکردنی شەڕ، کاتێک لەچاوی ئەو کەسەی قوربانییە بۆ مەسەلەکە بڕوانیت. بەش بەحاڵی خۆم، لەئێستادا ئەو شتەی کە بەشێوەیەکی ئەخلاقی بتوانم بیپارێزم ئەوەیە کە گوێ بۆ دایکم شلبکەم کە بۆ خۆی لەناو ئاگرەکەدایە.

سەرچاوە: بەرنامەی ئاگیندا، تیْ ڤی سوێد.

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربرینەوە، بڵاویدەکەینەوە.... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.........   ١٥-١-٢٠٠٣